سەماحەتی حەکیم چاوی بە ئەمینداری پارتی ئیسلامی عێراقی دەکەوێت



بەریز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز دکتۆر ڕەشید عەزاوی ئەمینداری گشتی پارتی ئیسلامی عێراقی و لەم دیدارە بیروڕا سەبارەت بە دۆخی سیاسی و پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە ئاڵوگۆڕ کرا، سەماحەتی ستایشی ئەو پێشکەوتنەی کرد کە لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی هەیە و بانگەوازای کرد بە ئەوەی هەموو پارێزگاری لە بکەن و سەقامگیری بپارێزن و بە سەقامگیرییەکی هەمیشەیی بگەن.

سەماحەتی حەکیم جەختی لەسەر ڕاگرتنی شەڕی غەزە و لوبنان کرد و داوای کرد کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتی ئەو تاوانانە هەبگرن کە ڕووبەڕووی هەردوو گەلی لوبنانی و فەلەستینی برا هاتوون، هەروەها ستایشی گوتەی عێراقی لە لوتکەی ئیسلامی ئەم دوایە کرد.